## بەبیانوی رەمەزانەوە سلاوات لەدیار دەسەلات!؟ ... ئاسۆ عەبدوللەتیف

سلاوات لە دیاری ئەو دەسەلاتەی کە رۆلەکانی خۆی ئەکاتە خائین و نۆکەر، رەخنە قبول ناکات و بێزرخیشی ئەکات، هەر هەولێك بۆ خۆدەرخستن و دەنگ هەلبرین و خۆپیشاندان ئەکاتە مەهزەلەو دەیان تەفسیری دژیان ئەخاتە پال، سلاوات بۆ دەسەلاتێك رازی نابێت بخوێنرێتەوەو بخرێتە بەرنەشتەری هەلسەنگاندن، سلاوات لە دیموکراسیەتێك کە ئەیەوێت بە موجامەلەی رۆژنامەنووسە حیزبیەکان و بە ووتەی پیاوە سیاسیە بازرگانەکان و دەعوەتە وەلیمەییەکان گەشە بکات، سلاواتیش لە دیاری حەزرەتی هەردوو ئیدارە کە مەگەر خوا بیانکاتەوە بەیەك و قەتیش تەمەننای ئەوە ناکەم، چونکە ئیتر خۆهەلخەلەتاندنە خۆ مەشغولکردن بەم پرسەوە، ئەوان هەر پێئەکەنن و هیچیش نەبوە، دوا سلاواتیش لە دیاری بەرپرسێکی قانع کە نیەو ناشبێت.

کورد کاتێ گەرەکی بووە مەرزەکانی دەسەلات ببەزێنێت وبزانێت ئەو نهێنیە چیە کە سروشتێکی خراپ ئەبەخشێتە دەسەلات وە زەبرو زەنگ بەکاردێنێ بۆ تواندنەوەو ئازاردانی نەتەوەی جیاوازوژێر دەست؟ هەمانکات خۆشی هەولی داوە کە ممارەسەی ئەو دەسەلاتە بکات کە بەرانبەرەکەی کردویەتی، بەعس 35سال هات بە جارێ مالی کاول کردین رەسمی سەرۆکی پێ ناساندین، یەکێتی و پارتیش 15 سالە کە نیوەی سیوپێنجەکەی بەعسە، هەرچی رەسمی کاکەو مامەی ناو ئەلبومەکان هەیە پێیان نیشاندایین و ووتیان ئەزموونەکەمان ساوایەوبۆ ئاووکارەبا تازە بەتازە ئەبێ برژێینە سەر جادەکان و هوتاف بکێشین، لە هەلەبجەی شەهید تازە بەتازە وەعدی دروستکردنی 300 خانوو ئەدرێت کە دلنیام 300 رۆژی تریشی ئەوێت، ئەبێ چۆن دروست بکرێت ئەم ڤێلایانە؟!! باشە ئەگەر سلێمانی و هەولێر وەکو بەغدای بەسەر بهاتبایە لە جەنگدا چ دەبوو؟ بە بروای من دەبوو ئێستا لە خێمەدا بوینایەو هاورێی مەتارەو چرابوینایە بۆ سەد سالیش ئەم دوو هێزە پالیان لێ ئەدایەوەو بایی ئەو هەموو سالەش شەرعیەتیان پێ بوو.

هەمیشە دەسەلاتی رابردوو ئێمەی ئازار داوە، دەسەلاتی ئێستاش هەروەها، ئەگینا قەت بووە کورەی جۆشدراوی گەرمیان و رانیەی راپەرین ئاوا بکەونە خۆ دژی دەسەلات؟ ئەی هەر ئەوان بزوێنەری شۆرشی نوێ نەبوون؟ پرۆسەی رزگاری کوردستان لەراپەرینی (91) و عێراق لە9ی نیسانی (2003) فۆرمێکی یاسایی و سیاسی بەخشیە دەسەلاتی کوردیی، لەهەمانکاتدا غرورێکی زۆریشی بەخشیە سەرکردەکانمان و هەموو سازشێکیان کرد لەبەردەم سونەو شیعەدا بۆ تەنها کورسیەك، ئەگەر راپەرین گواستنەوەی دەسەلاتی ئایدۆلۆژی حیزبی کوردیی بوبێت لە گوندەوە بۆ دەسەلاتی شار، ئەوا ئازادی عێراق کوردی خستە سەر راستە شەقامێك کە چەمکی دەسەلاتی دەولەت لەسەر ئاستی بەغدادو شەقامی عەرەبی ممارەسە بکات نەك ئاستی کوردستانی، ئاخر ئەم دەسەلاتەی کورد دەسەلاتێکە ئەگەرچی بەرەنجامی قوربانیەکانی خۆیەتی، بەلام ئارەزومەندانە نیەو هاوکێشەی نێودەولەتی و شەری بەرژەوەندیەکان ئەم گەمەیەی بۆ کورد خولقاند، جاران شەری کورد لەگەل دەسەلاتێکدا بوو کە بەغەدر خۆی قایم کردبوو، ئێستا شەری کورد لە گەل کۆمەلێك یاخی و نەوەی تازەدایە گە گەندەلی کەشف ئەکەن!هەموومان سەدامامان ئەناسی و بەعسیشمان تاقیکردەوە کە چ گەمەیەکیان بە رۆحمانەوە کرد، تەفکیك و هەلوەشانەوەی ئەو خەونەی بەعسیەکان تا ئێستا وەکو پێویست لەق نەبوەو دەسەلاتێك دروست نەبووە کە

ئەو خەونانەی بەعس لە باربەرێت بە دەسەڵاتی کوردیشەوە لە بەغدا، دەسەڵاتی کوردیی لە شەقامی عەرەبیداو لەناو دڵی بەغداد ماناگەلێکی هەیە کە سادەترینیان کوشتنی ئەو لۆژیکەیە کەئەیخواست هەمیشە نەتەوەو رەگەزەکانی تر نزیك نەبنەوە لەبازنەکانی دەسەڵاتی عیراقیانە ئەمە راستە، ئێستا کەکورد نزیك بۆتەوە بەڵام هیچی نەکردوە، عیراقێك جاران لەسەردەستی دوژمنە نەیارەکانمان دروست بوو دەهۆڵمان بۆ ناشەرعیبوونی ئەم بەشەی کوردستان بە عیراقەوە لێئەداوخەباتمان بۆکرد، ئێستا لەسەر دەستی دۆستە کوردەکان دروست ئەکرێتەوەو دائەرێژرێتەوە بێئەوەی بزانین ئەم دارشتنەوەیە چ مەغزاومانایەکی هەیەو چ خەتەرێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کوردو دەسەڵاتەکەی ئەڵێن بەشێکی گەورە لەئامانجەکانمان وەدی هاتوون ودەسەڵات وەکو جاران یاری بەچارەنوسی هیچ نەتەوەورەگەزوئاینێکەوە ناکات و ئەو دوسەرکردەیەش لەموڵکییەتی حیزب دەردەچن بۆ موڵکیەتی گشتی ولەکائینێکی ئایدۆلۆژیەوە ئەبنە کائینێکی دەوڵەتی ئەمە قسەیەکی خۆشەو تەنها شەرعیەتی ووتنی زمانەوانی هەیە ئەویش لەناو بارەگایەکی حیزب و لەسەر زمانی کادیرەکان، ئەگینا دەسەڵات هەروەکو جاران گەندەڵ و راسیزم، ئەمجارە نەك یاری بە چارەنوسمانەوە ئەکەن بگرە یاری بە مەزهەب و ئاینیشمانەوە ئەکەن، سەرکردەکانیش ئەوەندەی خەمی بنەماڵەو میرنشینەکانی خۆیانن ئەوەندە نایانەوێت کورد بگەیەننە لێواری قەوارەیەکی سەربەخۆ، هەڵوێست ئەنوێنن، قسە ئەکەن، شیعارات ریز ئەکەن، بەڵام بێ بەرنامەو رەنجەرۆ.